نابێت هیچ یەکێکتان هیوا بە مردن بخوازێت، ئەگەر چاکەکار بوو ئەوا زیاتری دەکات، وئەگەر خراپەکار بوو ئەوا دەست لە تاوان هەڵدەگرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت هیچ یەکێکتان هیوا بە مردن بخوازێت، ئەگەر چاکەکار بوو ئەوا زیاتری دەکات، وئەگەر خراپەکار بوو ئەوا دەست لە تاوان هەڵدەگرێت». ولە گێڕانەوەیەکدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت هیچ یەکێکتان هیوا بە مردن بخوازێت، ونابێت نزا بۆ (هاتنی) بکات؛ پێش ئەوەی دێت، وئەگەر بمرێت کردەوەکانی دەپچڕێت (دەوەستێت)، وتەمەن درێژی ژیانی ئیماندار تەنها کردەوەی چاکی بۆ زیاد دەکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (نابێت هیچ یەکێکتان هیوا بە مردن بخوازێت): نەهی کردن لێرەدا بۆ حەرامبوونە؛ چونکە هیوا خواستن بە مردن جۆرێکە لە ناڕازی بوون بە قەزا وقەدەری خوای گەورە، وئیماندار پێویستە لەسەری ئارام بگرێت ئەگەر تووشی ناخۆشی وزیان بوو، ئەگەر ئیماندار ئارامی گرت لەسەر ئازاری وناخۆشییەکان ئەوا دوو شتی گرنگی دەستدەکەوێت: 1/ لێخۆشبوون لە تاوانەکان، چونکە مسوڵمان ئەگەر تووشی هەر ناخۆشییەک بێت لە غەم وخەفەت وئازار وهەرشتێکی تر ئەوا خوای گەورە بەهۆیانەوە لە تاوانەکانی خۆشدەبێت هەتاوەکو تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچێت بە پێیدا. 2/ ئەگەر خوای گەورە هیدایەتی دا بۆئەوەی نیەتی ئەوەی هەبێت پاداشتی دەستبکەوێت وهیوای وا بێت لەسەر ئەم ئازار وناخۆشییانە ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، بەڵام ئەگەر هیوا بە مردن بخوازێت ئەوا ئەمەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئارامگر نییە لەسەر قەزا وقەدری خوای گەورە -سبحانه وتعالى- وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە یان ئەوەتا مرۆڤ لە چاکەکاران دەبێت وچاکەکانی زیاد دەکات بە درێژایی ژیانی، ئیماندار ئەگەر لەسەر ئازار وناخۆشی بمێنێتەوە ئەوا چاکەکانی زیاد دەکات. وئەگەر خراپەکار بێت ئەوا داوای لێخۆشبوون وڕازی بوون لە خوای گەورە دەکات، بۆیە دەمرێت بە تەوبە کردنەوە؛ بۆیە نابێت مرۆڤ هیوا بە مردن بخوازێت، چونکە هەمووی لە قەزا وقەدەردا نووسراوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئارام بگرێت وداوای پاداشت لە خوای گەورە بکات، وئەم فەرموودەیە ئاماژەی ئەوەی تێدایە مانای نەهی کردن لە هیوا خواستن بە مردن ئەوەیە کردەوەکان دەپچڕێت، چونکە ژیانی هۆکاری ئەنجامدانی کردەوەکانە، وکردەوەکان پاداشت زیاد دەکات وئەگەر تەنها مرۆڤەکە یەک خوا پەرست بێت -موەحید- بێت ئەوا ئەمە لە باشترینی کردەوەکانە، کاتێک ڕاستگۆیی وشیرینی ئیمان دەچێتە نێو دڵەوە؛ کەس ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە وپشتی لێبکات، وئەگەر ئەمیش ڕوویدا ئەوا لە قەزا وقەدەری خودا نووسراوە ئەگەر کەسەکە تەمەنی کورت یان درێژ بێت، وئەمیش کەس پێی نازانێت جگە لە خوای گەورە نەبێت، بۆیە پێویستە مرۆڤ بەردەوام داوا لە خوای گەورە بکات کە ئیمان لە دڵیدا جێگیر بکات وهەوڵبدات بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان ودووركەوتنەوە لە کردەوە خراپەکان، ئەگەر مرۆڤ هیوا بخوازێت بە زوو مردن ئەمە هیچ خێرێکی تێدا نییە. فەرموودەکە موژدەی بە چاکەکار تێدایە بەهۆی چاکەکانی، وئاگاداری کردنەوەی لە خراپەکار تێدایە بەهۆی خراپەکانی، هەروەکو ئەوە وایە بفەرموێت: ئەگەر کەسێک چاکەکارە با واز لە هیوا خواستن لە مردن بهێنێت ولەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکانی بەردەوام بێت، وئەوەی خراپەکارە با واز لە هیوا خواستن بە مردن بهێنێت ودەستهەڵگرێت لە خراپە وتاوان وتەوبە بکات بۆئەوەی لەسەر خراپەکاری وتاوان نەمرێت چونکە لەسەر حاڵەتێکی مەترسیدار دەبێت.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee